# دەسەڵاتداریی شیعە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و موچەخۆرەکانی بێگانە لە 3 سەدە رابردوودا، بەتایبەت ئیستعماری بریتانیا

نوسین و وەرگێڕانی: عومەر عینایەتی

## بەشێک لە لاپەرەکانی مێژووی ئیستعماری بریتانیا لە ناوچەی رۆژ هەڵاتی ناڤین ودەسەڵاتی شیعە



ئەوەی کە جێگای سەرنجە، لە هەموکاتێکدا دەسەڵاتی شیعە و رێبەرانی شیعە کاتێک تووشی ناڕەزایەتییەک بوونتەوە، خەڵکیان بە بەڕێوەبەری سیاسەتی بێگانە و بێگانەپەرستی و خەیانەت و جاسوسی تاوانبار کردووە، بەتایبەت ئەگەر بەشی ناڕازیی کۆمەڵگا باوەڕێکی جیاوازی هەبێت، وەکو سونی، بەهایی، یەهودی، کریستیانی، وهابی و تەنانەت خودی شیعە کە لە نەتەوەیەکی جیاواز بێت، هەمیشە وەکو بیانووی سەرکوت لەم تومەتانە خستۆتە پاڵیان و تەنانەت زۆربەی سەرکردەکانی حیزبی و سیاسی هەر بەم شێوەیە تاوانبار کراون.

هەر بەم مەبەستە دەمانەوێ چاوێک بە مێژوودا بخشێنینەوە کە لە راستیدا روحانیەت و ئایەتوڵاکان بۆ پەرەپێدان و بۆ دەسەڵاتداریی و هەلقواستنەوە، لە سەردەمی سیاسەتی ئیستعماری بریتانیا و پلانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناڤین بە تایبەت لە ئیران و باشووری ئاسیا کە گرێدراوی پلانەکانی بریتانیا بووندەبینین کە لە دەیەکانی رابردوو، بەتایبەت سەردەمی موسەدیقدا خەیانەتەکانی ئایەتوڵا کاشانی بەزەقی بەرچاودەکەویت کە چۆن پلانەکانی بریتانیای بەڕێوەدەبرد کە دژ بە شۆڕشی نەتەوەیی سەردەمی موسەدیق یان لە سەردەمی شۆڕشی مەشروتەخوازان لەدوای رووخانی دەسەڵاتی قاجار، بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجی بابەتی ئێمەیە، دەبێ بڕێک بگەڕێنەوە بۆ 200 تا 300 ساڵ پێش کە سیاسەتی ئیستعماری لە وڵاتانی ئاسیا بەتایبەت لە "هیندی رۆژهەڵات" پەیروی دەکرد بە مەبەستی تایبەت و بۆ بەچۆکداهینانی سیاسەتی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین لە بەرامبەر دەسەڵاتی سونی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان کە هەڵگری خەلافەتی عوسمانی بوون و نوێنەرایەتیی باوەڕی ئیسلامیان دەکرد. بەڵگەی هەرەبەرچاو ئایەتوڵاکانی شیعە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیاز بۆ دوو سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە ئەویش لە ژێر ناوی (تەنخواهی هیند یا مەوقوفەی ئود هیندی) یان پارەی هیندی و... کە بۆ پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ ئایەتوڵاکان و روحانیەکانی شیعە لەگەل ئیستیعماری ئینگلیز لە هیندوستانەوە بۆ زانایانی شیعە لە کەربەلا و نەجەف و قوم و مەشهەد و شیراز دەنێردرا کە ئەوانیش بەشێکیان بۆخۆیان هەڵدەگرت و بڕێکیشی لە نێوان قوتابیانی جێمتمانەی خۆیان دابەش دەکرد هەتا بۆ هەمیشە وەکو مورید سودیان لێوەرگرن بۆ پیلانەکانی خۆیان.

یەکێک لە نوسەران بە ناوی (ئەحمەد کەسرەوی) سەبارەت بەم پارەی هیندی و چینییە دەڵێت:

"بە هەر شێوازێک کە بمانەوێت لەسەری بدوێین بەم ئاکامە دەگەین کە ئەمانە کەسانێکی نەخوێندەوارن کە لە دونیادا بە قەد منداڵێکی 10 ساڵان تێناگەن، چونکە مێشکیان پڕ بووە لە فقە و حەدیس و یاساو رێسای دور و درێژی بە ناوی فەلسەفە و مێشکیان پڕ بووە کە بۆشایی لە مێشکیاندا نەماوە بۆ زانستەکانی سەردەم کە ئێستا دونیا لە چ سەردەمێک دایە و ئەم هەمو پیشکەوتنەنانەی دونیا نابینن. لە راستیدا یان هێندە دواکەوتوون و تێناگەن یان دەزانن خۆیانی لێ گێل دەکەن و بۆیان دەلوێت کە لەلایەن هێندێک مورید و لە ناو خەڵکدا وەکو کەسی باوەڕپێکراو ناوبانگی هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمانە گرێدراوی شوێنێکن کە لەناو کومەڵگادا نابیندرێن. ئەم چینە لە ئایەتوڵا و حوجەتوڵاکان ئێستاش لە سەردەمانی 1300 ساڵ لەوەپیشدا دەژین. 30 یان 40 ساڵ خۆیان بە وەقف و واجب و واجیبات دەبەنە سەرێ کە رۆژێک بەناوی حوجەتولئیسلام ناویان بێنن کە لە بنەڕەتدا بە ئاواتن بە مەوقوفات بگەن، ئەویش بە هاریکاریی پارەی هیندی و بەدەستی ئیستعماری ئینگلیز کە پێیان رابگەن .

لیرەدا بە پیویستی دەزانم کە بچینە ناو بنچینە وە سەرەتا کە سیاسەتی ئیستعمار پلانی بۆ داڕشتووە بۆ هەرچی زیاتر زاڵبون لەناو دڵی رۆژهەڵاتی ناڤین و بەڕێوەبردنی پلانەکانی خۆی.

دەسەڵاتی "ئود" لە ساڵی 1739 زاینی بەدەستی "میرمحەمەد ئەمین نیشابوری" ناسراو بە "سەعادەت خان بورهانولمولک" لە بناغەی بن چیاکانی هیمالیا لەنێوان بەنگال و دیهلی نوێ دروست بوو. بورهانولمولک بە رەچەلەک خەڵکی خۆراسان بووە و رۆیشتووە بۆ هیند و لە خزمەت مەنگولەکانی هیندا خۆی بینیوەتەوە. بە فەرمانی سەرۆکی مەنگولی ئەو ناوچەیە دەبێتە فەرمانبەری ئەو ناوچەیە. پاشان بۆ پەیوەندییگرتن لەگەڵ راجاکانی ئەودەوەرە و موسوڵمانانی سونی کە خۆیان بە سەربەخۆخواز دەزانی بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوندی و لە

پاشان بەپشتیوانی نادرشای ئەفشار لە هێرشێک بۆ سەر هیندوستان بنەماڵەی سەعادەت خان بورهانولمولک (میر محەمەد ئەمین نیشابوری) توانیان بە پشتیوانی شای ئیران ببنە خاوەنی دەسەڵاتی ئود (نەواب) وەکو پاداشتێک خۆی و بنەماڵەی بوونە دەسەڵاتداری ئەم ناوچەیە.

دەسەڵاتی پاشایەتی ئود (نەواب) لە روانگەی ئایینەوە باوەڕیان بە مەزهەبی شیعە هەبوو، هەر بەم بۆنەیەوە رێژەی دەسەڵاتی ئود و باوەرمەندان شیعە کەمتر لە 1% خەڵکی دەڤەرەکە بوون، بەڵام ئەم رێژە کەمەش خاوەنی پلە و پایە و دەسەڵاتی سیاسیی بوون لەناو دەساڵاتداریی ئوددا. ئەم دەسەڵاتەی ئود هێندەیان باوەڕ بە شیعە هەبوو کە تەنانەت بینایەکیان وەکو بینای حەرەمی ئیمام عەلی کە لە نەجەفە، لە شاری خۆیان دروست کرد بە ناوی (لاک نور). لەوێ بۆ پەرەپێدان بە مەزهەبی شیعە پشتیوانیان لێدەکرا لەلای دەسەڵاتداری پادشای ئود. هەر لەوێوە زۆربەی زاناکانی شیعە کەوتنە پەرەپێدانی باوەڕی خۆیان، ئەمەش بوو بە هۆکار کە لە ئێرانەوە بڕۆن بۆ ئەوێ، تەنانەت بوو بەهۆی ململانێی شیعەی ئێرانی و رۆحانییە هیندووەکانی ناوچەکە و زۆرجار رۆحانیەکانی ناوچە پێشنوێژیان بەئەستۆ دەگرت و کاروباری ناوچەکەیان بەڕێوە دەبرد، تەنانەت جاریوابوو روحانیەکانی ئێران لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا پشتیوانیان لێدەکرا تا لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی ئود زیاتر بەکاریان بێنن. ئەم ململانێیە بوو بەهۆی ئەوەیکە بریتانیا لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێت، تا ئەو رادەیەی کە موسوڵمانەکانی شیعە بوون بە 2 بەرە. بەشێکیان بە ناوی (ئوسولیەکان) و بەشێکیشیان بە ناوی (ئەخباریەکان). لەم 2 بەرەیەدا ئەخباریەکان تەنانەت نوێژی جومعەیان رەت دەکردەوە و باوەڕیان وایە کە نابێ لە ئیسلامدا هیچ ئاڵوگۆڕێک بێتە ئاراوە و پێیانوایە هەرچی رەوایەتی ئیسلامە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام موجتەهدینی ئوسولی لەسەر ئەم باوەڕەن کە عولەمای روحانی دەتوانن بە پێی سونەت و رەوایەتەکان سەبارەت بەزانستی سەردەم دەتوانن لەسەر بواری نوێیکاری دا بڕیار بدەن. چونکە کومەڵگا دواکەوتووە و لە دین و زانست تێناگەن و ناتوانن لەسەر بیرو باوەڕ بە باشی قەزاوەت بکەن، ئەوە دەبێ پەنا بەرن بو موجتەهدینی روحانی و ئایەتوڵاکان بۆ رێگاچارەی پرسیار و وەڵام.



لە ساڵی 1757 کومپانیەکانی هیندی رۆژهەڵاتی کە بەدەستی ئیستعماری ئینگلیسەوە بوو بە سەرکەوتنێک بەسەر نەوابی بنگالدا، دەسەڵاتی بەسەر هیندوستان زیاتر کراوە بەهاریکاری نەوابی سێیەم ئود شوجاع ئەلدولە و بە هەڵاتنی نەوابی بنگال "میرقاسم" کیشەکان زیاتر بوون لەنێوان کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی و دەسەڵاتی ئود بەگشتی. سەرکەوتنەکانی کۆمپانیاکانی هیندی رۆژهەڵاتی بەسەر نەواب شوجاع ئەلدولەدا لە شەری بوکسار لە ساڵی 1734 (دەسەڵاتی ئود) ناچار کران بە غەرامەیەکی زور قورس و تەنانەت بەشێک لە خاکی کە بەدەستی هێنابوو، دای بە بریتانیا، هەر ئەمەش بوو بەهۆکار کە دەسەڵاتی بریتانیا زیاتر دەستی ئاواڵە بێت کە سیاسەتەکانی خۆی لەنێو دەسەڵاتی ئود پەرە پێبدات ئەویش لە رێگەی دانانی کارگێڕێکی خۆی لە شاری (فەیزئاباد) کە پایتەختی دەسەڵاتی ئود بوو. نەوابی چوارم "ئاسەف ئەلدەولە" لە ساڵی 1735 هاتەسەر تەخت و پێتەختی خۆی لە فەیزاباد گوازتەوە بۆ شاری لاکنور، ئاشقان و ئەویندارانی باوەڕی شیعەی ( ئود) بوو بە هۆکارێک کە ئەمانە ساڵانە پارەیەکی زۆر کۆبکەنەوە و بینێرن بۆ ناوەندەکانی (کەربەلا و نەجەف و سامرا و قوم و شیراز و مەشهەد) هەتا وەقفی کاروباری ئاوەدانکردنەوە و کاروباری ئایینی پێ بەرنە پێش لەژێر چاوەدێریی کۆنسولەکانی بریتانیا لە ئێران و بەینئەلنهرین ( نێوان دوو زێ) کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دابوون لە ساڵی 1779 روحانیەکی گەنجی شیعە بەنێوی سەیدی دلدار (عەلی نەسیرئابادی) لە شاری لاکنور لە سەفەرێکی 2 ساڵەیدا بۆ زیارەتگاکانی ژێر چاودێری دەوڵەتی عوسمانی و بۆ بەردەوامیی خوێندن لە لای "ئاقا موحەمەد باقری بێهبەهانی" لە کەربەلا دەمێنێتەوە. سەیدی دڵدار هەر وەکو زۆربەی باوەڕمەندان و روحانیەکانی هیند لەسەر باوەڕمەندی (ئەخباریەکان) بوو بەڵام لە پاشان لە کاتی پەرەپێدان بۆ خوێندن هاتەسەر باوەڕی (ئسولیەکان) کە ئەمە بوو بەهۆی سەرەتای پەیوەندی و لە بەرژەوەندیی زیارەتگاکانی لە نەجەف و کەربەلا و قوم و مەشهەد دابوو کە زیاتر ئوسولیەکان تیدا نیشتەجێی بوون.

لە ساڵی 1780 لەسەردەمی دەسەڵاتی نەواب ئاسەف ئەلدولە، سەدری ئەعزەمی ئەو "حەسەن رزا خان" 500 هەزار روپیەی هیندەی نارد بۆ موجتەهدینی نەجەف تا بۆ ئاودانکردنەوە و کێشانی کاناڵی ئاو و هێنانی ئاوی فورات بۆ و شکایەکانی نەجەف کە بە کاناڵی ئاسەفیە یان کاناڵی هیندی ناوی دەبەن ساڵی 1793 تەواو بۆ ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە بڕێک ژێرخانی ئابووریی ناوچەکە لە بواری کشتوکاڵیدا بیبووژێنێتەوە و ئاوەدان بکرێتەوە. ئەم بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری ناوچەی نەجەف بوو بەهۆی بڕێک لە عەرەبەکان رووی تێبکەن و هەروەها بوو بەهۆی ئەوەی کە باوەڕی شیعەگەری لە نێویاندا پەرەبستێنێت دەسەڵاتی ئود هەروەها مزگەوتێکیان لە کوفە سازکرد و کاروانسەرایەکی گەورە بۆ زائیرانی هیندی هەر لە کوفە سازکرا و 700 کتێبی شیعەگەری بۆ نەجەف و کوفە ناردرا،

هەڵبەت نەجەف تەنیا شارێک نەبوو، بەڵکو ئەم یارمەتی مادیە بۆ کەربەلاش دەناردرا و بڕێک یارمەتی فەقیر و نەدارەکانی ئەو ناوچەیەش دەکرا، بەتایبەت عولەما و ئایەتوڵاکان لەسەر داخوازی سەیدی دلدار عەلی نەسیرئابادی، لە نەواب ئاسەف ئەلدولە بڕی 200000 روپیەیان نارد بۆ نەجەف و کەربەلا، بێوچان یارمەتیەکانی نەوابانی ئود سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوەی نەجەف بوو بەهۆی بەهێزبوونی موجتەهدینی ئوسولیەکان و پێگەیان قایمتربوو لە ناوچەکەدا، لەنێوان عەرەبەکانی کە تازە هاتبوونە ئەم ناوچەیە و دەبوون بە شیعە، ئەمەش بوو بەهوی پەرەسندنی شیعە.

لە دوای "ئاسەفولدەولە" زڕکوڕەکەی، وەزیر عەلی دەبێتە جێنشینی، بەڵام سەربەخۆییخوازی و دژایەتیکردنی لەگەڵ بریتانیا دەبێتە هۆکار کە لەسەر ئەم دەسەڵاتە لایبەن و مامی "سەعادەت خان" بوو بە نەوابی "ئود". هەڵبەت نەوابانی ئود تەنیا پاشایەکی دەستنیشانکراوی بریتانیا بوون، تەنیا دەتوانین بڵێین شتێکی سەمبولیک بوون، ئەوەی کە بریاردەری سەرەکی بوو ئەوە بریتانیا بون، تەنانەت کاتێ "سەرجان تاجی" پادشایەتی خستەسەر سەعادەت خان وەکو فەرماندەی هیندی رۆژهەڵاتی دەستنیشان کرا.

لە ساڵی 1801 کاتێ کە سونیەکانی وەهابی هێرشیان کردەسەر کەربەلا و وێران کرا، سەعادەت عەلی خان یارمەتی مادی و هەروەها خێوەتێکی لە نوقرە و پارچەی حەریر بەشیوەی سایەبان بەدەستی ئینگلیزیەکان نارد بۆ مەرقەدی ئیمام حوسین و تەنانەت روحانیەکانی ئەوێ هێشتا داوای 8000 روپیەیان لێکردن. بۆ تەواوکردنی کارەکە دەسەڵاتی ئود سەرەتا ئەم یارمەتیانەیان بە بازرگانە ئێرانیەکان سپاردبوو کە بیگەنەنە شوێنە پیرۆزەکان و بیدەنە دەست مەوج تەهدین و روحانیەکانی شیعە بەڵام لەپاشان ئەو ئەرکە سپێردرا بە کۆمپانیەکانی هیندی رۆژهەڵاتی و ئینگلیزیەکان ئەمەش بوو بە هۆکار کە دەستی بریتانیا زیاتر بکرێتەوە بۆ کەسانی جێگای متمانەی ئینگلیز و لەم نێوانەدا کونسولی بریتانیا لە ئێراندا رۆلی سەرەکیان دەگیرا بە پشتیوانی لاینە سیخورەکانی کە لە



ناوەندی کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی

ژێر چاودێری بەشی بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی کونسول کە شارەزاییەکی تەواویان لە بواری ئایین ئیسلامی و تەنانەت لە زمانەوانیدا وەکو فارسی و عەرەبی هەبوو.

ساڵی 1815 لەلایەن غیازەدین حەیدەر بڕی (100 هەزار روپیە) درا بە کونسولی بریتانیا تا بیگەیەننە موجتەهدینی قوم و نەجەف و کەربەلا. هەروەها لە لایەن نەنکی غیازەدین کە ناوی باهو بگم بوو 90 هەزار روپیەی نارد بۆ سەید محەمەد و میرزا محەمەد شەهرستانی کە یەکێ لە موجتەهدینی کەربەلا بوو و لە لایەن کۆمپانیای رۆژهەڵاتییەوە گەیشتە دەستی.

لە ساڵی 1814 کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی کەوتە شەڕێک لە گەڵ دەسەڵاتی نیپال کە ئەم شەڕە خەرجێکی زۆری تێچوو و بوو بەهۆی ئەوەی کە کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی داوای قەرز لە نەواب غیازەدین حەیدەر بکات کە بە بڕی (10 میلیۆن) روپیە کە کونسولی بریتانیا بڕیاریدا لەگەڵ کۆمپانیاکانی هیندی رۆژهەڵاتی هەموو ساڵێک بڕی (600 هەزار) روپیە بدەنە 10 کەس لە خزم و کەسەکانی غیازەدین حەیدەر و ئەویش قبوڵیکرد لە پاش 4 مانگی دیکە بەهەمان شێوە کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی داوای (10 میلیۆن) روپیەی دیکەی کرد هەر بەو مەرجانەی پێشوو غیازەلدین حەیدەر قبوڵی کرد ئەم قەرزە بدات بە کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی. پاش ماوەیەک کۆمپانیاکانی دەوڵەتی ئینگلیز لە هیندی رۆژهەڵاتی دەسەڵاتی ئود نەواب غیازەدینیان ناچار کرد ئەم ناوچانەی کە لەشەڕدا لەگەڵ دەسەڵاتی نیپاڵ بەدەستی هێناوە، واتە ناوچەی دارستانەکانی تارایی لەبری قەرزەکانی دوەم قبوڵ بکات.

هەروەها لە ساڵی 1825 نەواب غیازەدین حەیدەر بۆ جاری سێهەم قبوڵی کرد کە (10 میلیۆن) روپیە بداتە کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی بە بەهرەی سەدای 5% هەروەها بۆ جاری چوارم لە ساڵی 1826 کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی و بریتانیا داوای (5 میلیۆن) روپیەی کرد تاوەکو خەرجی شەڕەکانی نیپال بکرێت لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی هیندی رۆژهەڵاتی.

گرینگی دەسەڵاتی شیعەی نەوابانی ئود بە شێوازیک وەکو بەڵێندەرێکی سەمایەدار و قەرزپێدان بە کۆمپانیاکانی هیندی رۆژهەڵاتی و وەرگرتنی ریبا وەکو سودوسەلەم کە لە ناوەرۆکدا ئیسلام حەرامی کردبوو و ببووە هۆی کێشە لەناو عولمای شیعە، بەڵام یەکێک لە عولمای شیعە بە ناوی سەیدی دڵدار عەلی هەر لە سەرەتاوە باوەڕی ئەوەبوو کە ریبا و سودوسەلەم لە بێگانەوەرگرتن حەڵاڵە بەتایبەت لە ئوروپاییەکان، بەڵام لەناو خۆی شیعەدا حرامە لەئاکامدا کوڕی سەید دڵدار عەلی بەناوی سەید محەمەد نەسیرئابادی کە لەدوای بابی کرابووە موجتەهیدی شاری

لاکنور ئەو لە ساڵی 1830 فتوایەکی دەرکرد کە بەهرە و ریبا وەرگرتن لە غەیەرەدینی شیعە حلاڵە، تەنیا لەناو شیعەدا حەرامەو نابی بەهرەیان لێوەربگیرێت هەر ئەم بڕیارە بوو بەهۆی ئەوەی کە سەرمایەدارەکانی دەسەڵاتی نەوابانی ئود بەهرە و ریبا و سودوسەلەم لە ئوروپایەکان و تەنانەت لە سونیەکانیش و تەواوی دینەکان بستێنن بەو شێوەیە لەژیر چاودێریی کۆمپانیاکانی هیندی رۆژهەڵاتی و بریتانیادا هەمان رێچکە سەرمایەدارانی روژئاوایان رەچاو کرد. دەولەتی ئینگلیز بە پێی ئەم بڕیارنامانەی کە لەگەڵ دەسەڵاتی ئود بەستبووی لە بەرامبەر بەو قەرزانەی وەریگرتبوو، بەهەرەکەی بدات بەو کەسانەی کە دەستنیشان کرابوو وەکو بنەماڵەی نەوابانی ئود ئەگەر ئەوانیش نەمان، بیدات بە میراتگرانی ئەوان، ئەگەر میراتگریان نەبوو بیدات بە شوێنە پیرۆزەکانی وەکو کەربەلا، نەجەف، قوم و مەشهەد یان موجتەهدینی پەیڕەوانی شیعەی سەر بە نەوابانی ئود.
دەوڵەتی ئینگلیز هەر بەپێی ئەم بڕیارانە ئەم قەرزانەی کە لە نەوابانی ئود وەریگرتبوو بەڵێنی ئەمەیدا کە بەهرەی ئەم پارەیە بدات بەو کەسانەی کە دەستنیشان کرابوون کاتێ کە ئەمانە نەمان بیدات بە میراتگرەکانی، ئەگەر میراتگری نەبێت بیدات بەشوێنە پیرۆزەکانی وەکو نەجەف، کەربەلا، قوم و یان مەشهەد بیدات بە موجتەهدین بەم مەبەستە بە پێی بڕیاری قەرز ورگرتنی جاری سێهەم بڕیاریاندا 500 هەزار روپیە بدەن بە 2 مەلیک، خاتونی بێوەژن لە نەوابان و باقیەکەی بدەن بەموجتەهدینی نەجەف و کەربەلا لە بەڵگەنامەی 17 ئاوگوستی 1825 بەڵێن و بڕیاریدا کە 120 هەزار روپیە بدەن بە موبارەک محەل کە حەرەمسەرای ژنانی شای ئود بوو کە لەدوای مەرگی موبارەک محەل ئەم برە پارەیە بدرێت بە موجتەهدینی نەجەف و کەربەلا بەهۆی نەمانی کەسانی کە لە دەسەڵاتی ئود ببوونە میراتگر و ریبا و سودی ئەم پارەیە بوو بەهۆکاری ئەوەی کە دەستی بریتانیا زیاتر ئاواڵە بێت لە یارمەتیدان بە نەجەف و کەربەلا و پارەی زیاتریان دەگەیاندە ئایەتولاکان و موجتەهدینی شیعە ئەم پارەی بە مەوقوفەی هیندی ناسرابوو بوو بە هۆکارێک کە رکەبەریی بکەوێتە ناو موجتەهدین و ئایەتولاکان و تەریقەتی شێخان و سوفیەکانی شیعە کە دەتوانین لەم رکەبەریەدا بەڵگەیەک بخەینەڕوو، لە نێوان موریدانی تەریقەتی شێخ ئەحمەدی ئیحسایی و شیعەکانی ئوسولی هاتە ئاراوە. بیروبۆچوونی شێخ ئەحمەد ئیحسانی بەهۆی زائیران گەیشتبووە باکووری هیندوستان و میرزا حەسەن عەزیم ئابادی کە یەکێ لە قوتابیانی سەید حوسین نەسیرئابادی بوو دوای تەواوکردنی خوێندن لەلای سەید کازمی رەشتی کە موجتەهیدی ئەعزەمی تەریقەتی شیعەکانی شێخی بوو گەڕاوە بۆ شاری لاکنور و پەرەی بە بیروبۆچوونەکانی تەریقەتی شێخی دا، ئەمەش بوو بە هۆکارێک لە ساڵی 1830 کە بۆماوەیەک پارەی سود و ریبای هیندی لە لایەن بریتانیاوە پێبدرێت، لە کاتێکدا بەرەبەرە رێژەی موریدانی تەریقەتی شێخ میرزا حەسەن عەزیم ئابادی پەرەدەستێنێت ، سەید حوسێن نەسیر ئابادی هەست بە مەترسی دەکات سەبارەت بەخۆی و موریدانی و بەم هۆیەوە هێرش دەکاتە سەر شیخ و تەریقەتی شێخ. ئەم ناکۆکیە دەبێتە هۆی ئەوەیکە یارمەتی پارەی هیندی لێبستێننەوەو بدرێتەوە بە سەید ئیبراهیمی قەزوینی کە یەکێک لە رکەبەرەکانی ئسولی سەیدکازمی رەشتی بوو. لەو جێگایەی کە پاشای ئێران موحەمەد شای قاجار هاریکاریەکانی خۆی دەدا بەسۆفیەکانی تەریقەتی شێخ نەی دەدا بە موجتەهدین و ئایەتولاکان بەڵام بڕینی ئەم برە پارەیەش بوو بە هۆکارێک کە بیروباوەڕی تەریقەتی شێخ لاواز بێت و دەسەڵاتی موجتەهدینی ئوسولی پەرەبستێنێت.
رێژەی یارمەتیە مادیەکانی دەسەڵاتی ئود لە سەردەمی دەسەڵاتی ناسرەدین حەیدەر ساڵەکانی 1827 هەتا ساڵی 1837 بۆ کەربەلا و نەجەف کەم بوو بەڵام لەسەردەمی نەواب محەمەد عەلیشا کە هاتەسەر دەسەڵات یارمەتی زۆرتر دەکرا بە کەربەلا و نەجەف. لە نامەیەکدا ساڵی 1839 موجتەهدینی ئود ناردیان بو موجتەهدینی کەربەلا و نەجەف ئاماژەیان بەوە کردبوو کە نەواب محەمەد تازەهاتۆتە سەر دەسەلات و زۆر هۆگری شوێنە پیرۆزەکانی کەربەلا و نەجەف، تەنانەت خۆشی لە خەڵکی دەڤەرەکەش دێتو تەنانەت ئاگادارە کە کاناڵە ئاوەکەی ئاسەفیە وشک بووە بەتەمایە بۆ جارێکی دیکە نەوژەنی بکاتەوە. نەوابی تازە هاتۆتە سەر دەسەڵات بڕی (150 هەزار) روپیە بۆ هەردوو شوێنی نەجەف و کەربەلا رەوانەکرد، بەدەستی نوێنەری سیاسی بریتانیا لە عیراقی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کە ئەم یارمەتیە درا بە موجتەهدینی شیعە هەرچەند کە دەسەڵاتی عوسمانی رازی نەبوون بەوەی کە ئەم ناوچە شیعانە ئاوەدان بکرێنەوە بەتایبەت نەجەف و کەربەلا، بەڵام بەهۆی پێداگریی نوێنەری ئینگلیز لە عێراق رازی بوون، هۆگری و نزیکبوونەوەی عولەما و ئایەتولاکان و موجتەهدینی شیعە لە نەجەف و کەربەلا و سامرە بە دەوڵەتی بریتانیا ئەویش لە ناو دڵی دەوڵەتی عوسمانی ببوونە ئامرازێک کە تەنانەت بە پێوەندی لەگەڵ کونسولی بریتانیا لە عیراق و ئیران و هیندوستان و بەشی هیندی رۆژهەڵاتی کارێکی وا کرابوو تەنانەت رەساڵەت و تەریقەت و بیروباوەڕی شیعە بە ئیدارەی سیاسیی پۆستی بریتانیا دەناردران بو لقەکانی نەوابان و پێگەی بریتانیا زیاتر دەبوو و هەر بەم گرێدراویە شیعەکان کارێکی وایکرد کە ئینگلیز لە لاوازی دەسەڵاتی عوسمانی سودیان لە وەرگرێت تەنانەت لە دوو دەسەڵاتی گەورەی وەکو هیندوستان و دەسەڵاتی عوسمانیان ئیگلیزیەکان دوو وڵاتی وەکو پاکستان وە عیراق لێ دروست بکات و جیا بکرێتەوە.

ئەم پارە مفت و بەلاشەی نەوابانی ئود و ریبا و سودو سەلەمە  لە لایەن بریتانیاوە ببوو بە هۆکارێک بەشێکی زۆر لە روحانیەکان و تەلبەی شیعە روویان لە کەربەلا و نەجەف و کازمین و سامرا دەکرد، هەڵبەت ئەمە یەکەم جارنییە پول و پارەی زلهێزان ببێتە هۆی کۆچ و کۆچبەرانی ئایەتوڵاکانی شیعە یارمەتیەکانی نەوابانی ئود و ببووە هۆکارێک کە لە ئێرانەوە بۆ هیندوستان یان یارمەتییەکانی پاشای ئێران بە شیعەکانی لوبنان لە چیای جەبل عامل بۆ ئێران لەسەردەمی نەوابانی سەفەوی یەکێک لە ناسراوترینی ئەوانە دەتوانین بڵێین شێخ عیزەدین باوکی شێخ بەهایی کە خەڵکی لوبنان و هەروەها مەلا محەمەد تەقی مەجلیسی کە لە ئیسفەهان بوو بە مەلای مەزگەوت لە ناوچەی چیای جەبەل عامل  لە لوبنانەوە هاتبوون کە دەتوانین بڵێین کوڕی مەلا محەمەد بە ناوی ئایەتوڵا محەمەد باقر مەجلیسی بە شێخو لئیسلام ناسرا بوو کە گەورەترین نوێکاری لە حەدیسەکان و رێچکە و بۆچوونی تایبەتی دارِشت کە هەتا ئێستاش شیعەکان لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی ئەودا بەردەوامن و وەکو بناغەدانەری شیعە ناودەبرێت.

ئامانجی سەرەکیی دەوڵەتی ئینگلیز لە یارمەتیدان بە موجتەهدین و ئایەتوڵاکان و شوێنەکانی وەکو کەربەلا، نەجەف و سامرا و پەرەپێدانی بیروباوەری شیعە و تەنانەت گێرەشێوێنی لەم ناوچانە بەتایبەت لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوو بەهۆی لاوازی و ئاژاوەگێری لەناو دەسەڵاتی عوسمانی. لە ئانیکات بە پەرەسەندنی یارمەتییەکان بە هۆی دەسەڵاتداری نەوابانی ئود بۆ کەسانی پێوەندیداری شیعە لە ئێران و عیراق کە گرێدراوی بریتانیا بوون وەکو موجتەهید و ئایەتوڵا لە ساڵی 1850 هەتا ساڵی 1903  دەتوانین بڵێین زیاتر لە 6 میلیۆن روپیە لە هیندەوە ناردرا بۆ نەجەف و کەربەلا.

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوەبکەین کە دەستێوەردانی ئینگلیز لە ئێران سیاسەتێکی تایبەت بەخۆی هەبوو وەکو لە بابەتی یەکەمدا باسمان لێوەکرد لەسەردێڕی:

1 - رۆژهەڵاتی ناڤین و سیاسەتی نێودەوڵەتی و وڵاتی ناوچەیی و پرسی کورد لە سەدەی 21 دا (هۆ و هۆکارەکان) بەشێک لە خاڵە شاراوەکان لە سەدەی رابوردوو.

بەشی 2 - شەڕی سارد لە نێوان، ئەمریکا و رووسیە، پشتێنەی سەوز پرسی کورد لە رۆژهەڵاتێ ناڤین بەشێک لە خاڵەکانی شەڕی سارد.

لە ئانیکاتدا هەرچەند بریتانیا زیاتر کاتی خۆی سەبارەت بە گرێدراوی ئایەتوڵاکانی نەجەف و کەربەلا بەکار دەبرد بەڵام لە ئانیکاتیش دا خافڵ نەبوو لە ئایەتوڵاکانی قوم و مەشهەد و شیراز هەرچەند کە برێک توانی لە سەردەمی مەشروتەخوازەکان سود وەربگرێت بەڵام ئێران لە سەردەمی قاجاریەکان زۆر لەوە لاوازتر بوون تەنەت لەبەر ئەوەی کە زیاتر ژێرخانی ئابووری قاجار لاوازتر بێت، ئەوەندە نەیدەویست لە مەوقوفەی هیندی یان پارەی دەسەڵاتی ئود لە ئێران دا بکار بێنێت بەتایبەت لە ساڵانی 1850 هەتا ساڵی 1912 بەس چەند کەسانێک وەکو بنەماڵەی خومەینی و چەند کەسانێکی لە موجتەهدین وە ئایەتوڵاکان نەبێت لەو سەردەمە دەسەڵاتی قاجار و کۆمەڵگا هێندە گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان بوون  تەنانەت ساڵی 1872 تەواویەتی ئێران فرۆشرابوو بە ئینگلیزیەکان. بەتەواوی شیرازەی کۆمەڵگای ئێران لیک ترازابو هەر بویەش زیاتر بریتانیا سیاسەتی خوی لە ناوچەی ژیر دەسەڵاتی عوسمانی چڕتر دەکردەوە  وە پەرەی پیدەدەدا وە سەرمایە گوزاری لەسەر دەکرد.

پارەی هیندی شتێک نەبوو وەکو کەرەستەیەکی سیاسی بەکاری دێنا تەنانەت لە ساڵی 1903 یەکێک لە کۆنسولەکانی بریتانیا پێشنیاری کرد لەبەرئەوەی لە بەرامبەر دەستێوەردانی دەسەڵاتی روسیە پارەی سود و ریبا بدرێت بە موجتەهدینی ئێرانی زیاتر تا بتوانن لە روانگەی بیروباوەڕەوە هانیان بدەین دژی روسیە تەنانەت بەم شێوەیە لەگەڵ دەسەڵاتی روسیە نزیکتر ببینەوە کە بزانین پلانەکانیان چین لە ئێراندا.

ئەم سەرمایەگوزاریەی بریتانیا لەو ناوچانەی کە بەتەواوی گرێدراوی خۆی بۆ دەستکەوتی چاکی هەبوو بۆ ئینگلیز کە هەوڵەکانی ئینگلیز لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی بە تایبەت لە بەشی باشووری عیراق و پەرەسەندنی بیرو باوەڕی شێعەگەریی کە دەتوانین بڵێین زیاتر لە 150  خێڵ و عەشیرە کە عیراق خۆی وڵاتێکی فرە عەشیرەیە دەتوانین بڵێین 75% یان عەشیرەن یان بەهۆی خزمایەتیەوە سەر بەعشیرە بوون بەهۆی سەرمایەگوزاری پارەی مەوقوفەی هیندی وازیان لە دینی خۆیان هێنا و بوون بە شیعە. بەشێک لەم عەشیرەتانە ژمارەیان لە میلیۆنێک دەبێت یان لە لە خێڵێک کە دەهەزار نەفەر لە خۆی دەگرێت هەر بەم مەبەستە دەتوانین ناوی برێک لەم عەشیرەتانە بێنین لە سەدەی 18 وە 19 دا کە سونی بوون بەڵام ئێستا دەڵێین ئێمە شیعەین بۆ نمونە:

1 – عەشیرەتی زوبید 2 - عەشیرەتی بنولەم 3 – عەشیرەتی بنو تەمیم 4 – عەشیرەتی ئالی ئەبو محەمەد 5 – بەشێکی زۆری عەشیرەتی رەبیعە 6 – عەشیرەتی شەمرتەوقە 7- بەشێک لە عەشیرەتی دەیلەم 8 – عەشیرەتی زەفەر 9 – عەشیرەتی دەوار 10 – عەشیرەتی سەواکین 11 – یەکگرتووی عەشیرەتی ئەی ئەلمنتەفق 12 – عەشیرەتی بەنی حەسەن 13 – عەشیرەتی ئاقاق 14 – عەشیرەتی بەنی حەکیم 15 – عەشیرەتی شەبیبل 16 – عەشیرەتی ئالی فتلە و هەروەها چەند عەشیرەتێک کە لە نزیک بەنداو و کانالی هیندیە جێگیر ببوون 17 – هەروەها لە دیوانییە 5 عەشیرەت و چەند عەشیرەتێک نزیک ئاوی کانالْ و بەنداوی دەقارە جێگیر ببوون و سودیان لەم بەنداوە وەردەگرت.

دەتوانین بڵێین بە پێی ئەم ئامارانەی کە دەوڵەتی ئینگلیز لە ساڵی 1917 داویەتە دەرێ و هەتا کۆتایی سەدەی بیستەم رێژەی ئەم عەرەبانە زۆر زیاتر بووە کە وازیان لە دینی پێشووی خۆیان کە سونی بوون ئێستا بوون بە شیعە، تەنانەت دەڵێ کە شیعەکانی عیراق لەمێژ نییە بوون بەشیعە هۆکاری سەرەکی کە ئەم عەشیرەتانە کەسانێکی رەوەند و کوچەر بوون، ئێستا سەقامگیر بوون و بە کشتوکاڵەوە لە دەوروبەری نەجەف و کەربەلا و سامرا، هەڵبەت دەوڵەت و دەسەڵاتی عوسمانیش هەوڵی دەدا بۆ پەرەسەندنی شار و سەقامگیرکردنی ئەم خێڵ و عەشیرەتانە. لێرەدا دەتوانین بڵێن کە موبەلغینی شیعە و موجتەهدین و ئایەتولاکان لە پەیرەوکردنی پەرەپێدان بە شیعەگەریی دەستیان ئاواڵە بوو و تەنانەت لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەی سەربەخۆ هەڵسوکەوتیان دەکرد هەر ئەمەش ببوو بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتی ئینگلیز زیاتر لە شیعەکان سودی وەربگرێت کە نەوەکو دەوڵەتی عوسمانی لە روانگەی دینیەوە حوکمی جیهاد بدات سەبارەت بە بریتانیا وەکو کەرەستەیەک شیعەکانی بەکار دێنا.

ئینگلیسیەکان بە لەبەرچاوگرتنی ئەم گورانکاریانە لەروانگەیەکەوە هەرچی زیاتر دەیویست نفوزی خۆی زیاتر فەرز بکات و لە ئانیکاتدا دەیویست وەکو ئەمیندارێکی باش رۆل بگێرێت. لە ساڵی 1832 کاتێ کە سەفیری ئیران لە بەمبەئی تیرۆر کرا وەسیەتی کردبوو کە لەپارەی ئەو مانگانە 10 هەزار روپیە بدرێت بە فەقیری و نەدارەکانی کەربەلا و نەجەف بەلام کارداری بریتانیا گوتی دەبێ بدرێت بە موجتەهدین.

پارەی هیندی بە بێ هیچ لێپرسینەوەیەک دەگەیشتە دەستی موجتەهدین و ئایەتولاکان و بەردەوامیش داوای پارەی زیاتریان دەکرد. لە ساڵی 1841 مەجتەهیدی گەورە سەید ئیبراهیمی قەزوینی گەیشتنی 150 هەزار روپیەی لە لایەن کونسولی ئینگیزە و پێگەیشت بەلام داوای 50 هەزاری دیکەشی لێکردن لە نەواب محەمەد عەلی لەبەر نەوژەنکردنەوەی قەبری ئیمام حوسێن، ئیمام عەباس کە نەواب محەمەد عەلیشا لە ساڵی1842 فەوتی کرد، کورەکەی ئەمجەد عەلی بۆ بەجێنشینی بابی سەید ئیبراهیم قەزوینی و دوای پرسە و سەرساخی داوای پارەی زیاتری کرد بۆ نەوژەنکردنەوەی کانالْ و هەروەها داوایکرد کە کازمین پێویستی بە بەنداوێک هەیە هەروەها بۆ نەوژەنکردنەوەی مەقبەرەی سەلمانی فارسی پێویستیان بە 5000 روپیە هەیە، موجتەهدینی لاکنور رایەنگەیاند بە موجتەهدی نەجەف شێخ محەمەد حەسەن نەجەفی کە نەوابی تازە هاتۆتە سەرکار خاوەن ئەم بەزلو بەخششانە نییە دەبێ حیساب و کتابی زیاترمان بۆ رونکەنەوە لە بابەت ئەم پارانەی کە تەنانەت پێتان گەیشتووە.

لە روانگەیەکی دیکەوە ئەگەر چاو بخشێنین بەعیراقدا لە ساڵەکانی 1703 هەتا 1835 لە پێکهاتەی کۆمەڵگای ئەو سەردەمدا بەشێوەی میرایەتی و ملوکوتەوایفی بەرێوەدەچوو و لەژێر چاودێری دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون، تەنانەت بەشێک لەو کۆیلانەی ناوچەی گورجستان و تورکمان کە راگوێزی ناوچەی عیراق کرابوون سودیان لێوەردەگرتن و سەختترین ئەرکەکانیان پێ سپاردبوون. لە ساڵی 1763 بریتانیا یەکەم بنکەی بازرگانی لە بەسرە کردبۆوە و تەنانەت لە کوێتی ئێستا ناوەندێکی بازرگانی کردبۆوە لە ساڵی 1798 کۆمیتەی نهێنی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی لە ژێر چاودێری کونسولی بریتانیا یەکەم کارگێری بەرێوەبەری لە بەغدا سەقامگیر کرد کە یەکێک لە ئەرکەکانی دروستکردنی پێوەندیی والی بەغدا لەگەڵ کۆمپانیەکانی هیندی رۆژهەلاتی بوو و لەم نێوانەدا بێوچان پێوەندی لەگەڵ موجتەهدین و ئایەتولاکان و روحانیەکان زیاتر پەرەیسەند و ئەوانی هەرچی زیاتر بەهێز کرد. ئەرکی نوێنەری بریتانیا هەناردەکردنی پارەی موقوفەی هیندی لە لایەن دەسەلاتدارانی ئودەوە پێگەی کارگێری بریتانیا زیاتر توانی لەناو شیعەدا پتەو بێت.

هێزو توانای موجتەهدین و ئایەتولاکانی شیعە لە شوێنە پیرۆزەکانی کەبەلا، نەجەف، سامرا هێندە دەسەلاتدار بوون کە وەکو دەسەلاتی سەربەخۆ کاروباریان بەرێوەدەبرد بەتایبەت لەناو شیعەکاندا بەدور لە چاودێری دەسەلاتی والی ناوچەکە یان دەسەلاتی عوسمانی خاوەن هێزێکی تایبەت بوون وەکو دارودەستەی قەمەکێش و لاتولوت کە پیشەیان دزی و راورووت و باجبگیر بوون تەنانەت لە بەشێک لە بوارەکان کاری قەتڵ و کوشتنیان بەرێوەدەبرد. زۆربەی ئەمانە لە کەسانێک بوون کە لە یاسا یاخی ببوون یان تاوانیان دەکرد یان لە ئەرتەشی ئیران و دەسەلاتی عوسمانی رایانکردبوو، پەنایان بۆ شوێنە پیرۆزەکانی ئەم دەڤەرە دەبرد و لەناو ئەم دارودەستە قەمەکێشانە خۆیان دەبینیەوە، تەنانەت چەتەکانی عەرەبیش هەرچی راورووتیان بکردایە هەر پەنایان بو ئەم موجتەهید و ئایەتولایانە

دەبرد وەکو دەسەڵاتیکی سەربەخۆ کە ئەم جۆرە کەسانە لە ناو ئیراندا پێیان دەکوتن عەیار یان لۆتی مەسلەک بەڵام هەر کام لەوانە گرێدراوی موجتەهدێکی تایبەت بوو.
تەنانەت موجتەهدینی کەربەلا و نەجەف وابە سەربەخۆی کاروباریان بەرێوە دەبرد کە تەنانەت لە نوێژی جومعەدا ناوی خەلیفەی عوسمانیان نەدەهێنا، بە پێی گوزارشێک لە بریتانیا لەو سەردەم دادونەفەر سەرپەرشتی ئەم یاخیانەیان دەکرد، یەکیان بە ناوی میرزا ساڵح کە خۆی بە موریدەوە لەژێر کاریگەریی موجتەهدی ئوسولی سەید ئیبراهیمی قەزوینی دەزانی و دەستەکەی دیکە سەید ئیبراهیمی زەعفەرانی کە خۆی بە مورید و موجتەهدی شیخ سەید کازمی رەشتی دادەنا.
لە بەشێکی دیکەدا لە ساڵی 1831 میرانی ئەم ناوچەیە بە هەوای سەر بەخۆیی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بێنەدەر لە لایەن دەسەڵاتی عوسمانیەوە کە ئەمر کرا بە فەرمانبەرێکی خۆی رەوانەی بەغدا کرد بە ناوی عەلی رەزاپاشا لەژێر ناوی فەرمانڕەوای عیراق ئەوکاتە کە ناوچە شیعەکان لە کەشوهەوای سەربەخۆیی دابوون بە 3000 هێزی نیزامیەوە لە ساڵی 1835 کەربەلای گەمارۆدا بەڵام شەڕ نەهاتە ئاراوە و دەسکەوتێکی وای بەدەستنەهێنا بە زیاترکردنی ماڵیات لەسەر کەربەلا گەڕایەوە بۆ بەغدا.
لە سپتامبری ساڵی 1842 نەجیب پاشا لە جیاتی عەلیرزا پاشا بوو بە والی بەغدا لە لایەن دەسەڵاتی عوسمانیەوە کە کەسێکی توندڕەو و سەختگیر بوو زۆر پێداگری لەسەر یەکپارچەی دەسەڵاتی عوسمانی دەکردەوە دەیویست کە هەموو شتێک لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی ناوندی بێت.
لە ئوکتوبری ساڵی 1842 لەسەر داخوازیی نەجیب پاشا بۆ چوونەناو شاری کەربەلا لە لایەن دەسەڵاتداری شارەکەوە رەد کرایەوە و تەنانەت داوایان لە نەجیب پاشا کرد تەنیا خۆی و چەند حیمایە بابێتە ناوشار بە بێ سوپا و هێزی نیزامی ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەیکە نەجیب پاشا کەربەلای گەمارۆدا و رایگەیاند ئەگەر دەرگاکان نەکەنەوە ئەوە بە هێزی نیزامی دەیکەینەوە. خەڵکی ئیران ئەوکاتە زۆربوو لە ناو شاری کەربەلا کۆنسولی ئیران موڵەتی شەش مانگی خواست لەنەجیب پاشا بو ئەوەی کە لەم ماوەیەدا بتوانن ئیرانیەکان راگوازن کە ئەم پێشنیارەی کونسولی ئیران قبول نەکرا. پاشان چەند کەس لە سەرانی دەسەڵاتی خەڵکی کەربەلا رێگایەکیان بۆ راوێژکاری کردەوە لەگەڵ نەجیب پاشا جەماعەتێک وەکو شازادەی دورخراوەی قاجار زەلەل سوڵتان و سەید کازمی رەشتی چونە ئۆردوی نەجیب پاشا، پێیداگرتن و هەوڵەکانی زەلەل سوڵتان و سەید کازمی رەوشتی بێئاکام داخوازی نەجیب پاشا ئەوە بوو کە نابێ ئەم دارودەستە قەمەکێش و دز و بەرەڵایانە بمێنێت کە لە ژێر چەتری برێک موجتەهید و ئایەتوڵا زەبرو زەنگی دەکەن نەجیب پاشا داوای لە خەڵکی دەڤەرەکە کرد لە دەوروبەری ئەم دارودەستەیە خۆیان بکشێنەوە و بڕیاریدا کە هەر کەس پەنا بەرێتە بەر مەرقەدی ئیمام حوسێن یان ئیمامی عەباس یان ماڵی زەلەل سوڵتان یان ماڵی سەید کازمی رەشتی ئەوە لە ئەمان دا دەمێننەوە.
لە مانگی ژانویە ساڵی 1843 نەجیب پاشا شاری کەربەلای خستەژێر دەستی خۆی و بۆ سەری هەریەک لەم دارودەستەی عەیار بە قەوڵی خۆیان لۆتی مەسلەک کە سەردەستەی قەمەکێشان بۆ 150 پیاستیری جایزە دانا لە پاشان سەربازانی نەجیب پاشا بەشێوەیەک دەستیانکرد بە کوشتاری خەڵک بە بڕوای بەشێک دەیانگوت دەڵی قیامەت هاتووە ئیمامی زەمان سەریهەڵداوە، بە پێی بەشێک لە مێژووناسان سەبارەت بە ئەوکاتی نفوسی خەڵکی شار 15% کوژران کە زیاتر لە 5000 نەفەر تێپەڕیبوو و شاری کەربەلا بەشێوەیەک وێران کرا.
موجتەهد نەجەفی لەم رووداوانەدا سودی وەرگرت و نامەیەکی بۆ لاکنور نووسی کە بەهۆی هێرشی دەوڵەتی عوسمانی ئێمە پرۆژەکانمان و دواکەوت پارەی زیاترمان پێویستە، سەید حوسێن نەسیر ئابادی سۆز و هاوخەمی دەربڕی خاوەن شکۆ نەجەفی بەڵام هێشتا ئێوە رەسیدەکانی پێشوتان بۆ ئێمە نەناردووە کە چوون سەرف کراون وە پێویستە بزانین خەرج و مخاریجی کاناڵی ئاسفیە چەندە بوو کە 150 هەزار روپیەمان بۆ ناردبوون، نەجەفی رەسیدێکی بۆ نارد بەڵام داوای 150 هەزار روپیەی دیکەی کرد بۆ تەواوکردنی کاناڵەکە، کە ئەمە دووهەمجار بۆ دەسەڵاتی لاکنور دڵگران بوون سەبارەت بە نەجەفی لە بەرامبەر چۆنیەتی سەرفکردنی ئەم پارانە کە لەپێشدا 100 هەزار روپیەیان ناردبوو بەڵام نەجەفی تەنیا رەسیدی 49 هەزار روپیەی ناردبوو بۆ لاکنور.
سودوەرگرتن و گەندەڵی بەشێویەک پەرەیسەندبوو کە موجتەهدین لەم پارەی بەلاشی هیندی لە پێناو بەرژەوندیەکانی خۆیان کەڵکیان لێوەردەگرت تا ئەو رادەیە کە ساڵی 1844 راویلنسون نوێنەری بریتانیا لە بەغدا لە نامەیەک بو فەرمانداری هیند کە دزی و گەندەڵی لە رادەبەدەرە سەبارەت بەم پارانە و رایگەیاند کە پاشای دەسەڵاتی ئود دەبێ ئاگادار بکرێتەوە کە تەنیا کەمێک لەو پارانەی دەینێرن سەرفی ئەم پرۆژانە کراوە بەشی هەرەزۆری بۆ مەسرفی تایبەتی خۆیان سەرف دەکەن و دەیدزن هیوادارم کە نوێنەرێکی جێگای متمانەی خۆیان بنێرن دەنا دەوڵەتی بریتانیا مەجبور دەبێت کە لە راگوازتنی ئەم پارانە خۆی بکشێنێتەوە چونکە ئەم دزی و گەندەڵی موجتەهدین و ئایەتوڵاکان دەبێتە هۆکارێک کە ئابڕووی دەوڵەتی ئینگلیز بچێت.

لە ساڵی 1850 بەملاوە ( تەنخاهی هیندی) یان پارەی( مەوقوفەی هیندی) یان پارەی ( نەوابانی ئود) لە لایەن ئیمپراتۆری بریتانیاوە لە هیندوستان پێاندەدرا کە لەلایەن 2 نوێنەری موجتەهیدی گەورەی نەجەف و کەربەلا لە شاری بەمبەئی وسوڵیان دەکرد و وەریاندەگرت لە ساڵی 1852 دەوڵەتی ئینگلیز زیاتر خستیە ژێر چاوەدێری خۆیەوە ئەم پارەی هیندیە کە راستەوخو لە ژێرچاوەدێری نوێنەری سیاسی بریتانیا لە بەغدا بەڕێوەدەبرا کە ئەوکات نوێنەری نەجەف موجتەهیدی گەورە مورتەزا ئەل ئەنساری کە ساڵانە بڕی 5000 لیرەی ئیسترلینگ کە لە دەسەڵاتی نەوابانی ئود پێ دەدرا و بری 9000 لیری ئیسترلینگ لە خومس و زەکاتی ئیران پێدەدرا، لەلایەن دەسەڵاتی ئیرانیشەوە ساڵانە پارەیەکی بەرچاو بۆ شارەکانی کەربەلا و نەجەف و کازمین سەرف دەکرا. بە لەبەرچاوگرتنی داهاتی ئیران کە خۆی 200 هەزار لیری ئیسترلینگ بوو و تەنانەت ساڵانە 5000 لیری بۆ کەربەلا دەنارد لە بەشی خومس و زەکات بۆ ئایەتوڵا سەید عەلی نەقی تەباتبایی لە کاتێکدا کە لە بەشی پارەی هیندیش پێدەدرا. پێوەندی دەسەڵاتی نەوابانی ئود و دەوڵەتی ئینگلیز بەهۆی ئەم پارەی هیندیە بو موجتەهدینی نەجەف و کەربەلا کە شیعەکانی دونیا دەوڵەتی ئینگلیسیان وەکو ناجی و رزگارکەری خۆیانی دەزانی و دەوڵەتی بریتانیا توانی بەشێوەیەک پلانەکانی خۆی بێنێتەجێ بە پشتیوانی موچەخۆرەکانی وەکو ئایەتوڵاکان و موجتەهدین و شێخەکان و موریدانی ئەوانە کە گوێڕایەڵی بوون کە ئاکامدا دەتوانین بڵێین دەسکەوتەکانی ئینگلیز بۆ گۆڕینی جوگرافیای ناوچەکە مێژووی رەشی موچەخۆرەکان و خیانەتەکانی ئەوان بوو بەهۆی ئەوەی کە لە خوارەوە دەتوانین ئاماژەی پێبکەین:

1 - لە ساڵی 1857 جیاکردنەوەی دەوڵەتی ئەفغانستان لە ئیران سەردەمی دەسەڵاتی قاجار.

2 - لە ساڵی 1872 بە داسەپاندنی بڕیارنامەی رۆیتر کە شای ئیران، تەواوی کانزای بەخشی بە رۆیتر بۆ ماوەی 70 ساڵ کە فرۆشرا تەواوی خاکی ئیران سەردەمی قاجار .

3 – لە ساڵی 188 جیاکردنەوەی بەشێک لەخاکی بەلوچستان لە ئیران و لکاندنی بە پاکستانەوە سەردەمی قاجار.

4 - لەساڵی 1889 داسەپاندنی بڕیارنامەی تالیوت ( ئینحساری تەمباکو و توتن) لە ئیران سەردەمی قاجار.

5 - لە ساڵی 1901 داسەپاندنی بڕیارنامەی دارسی بۆ دۆزینەوەی نەوت لەسەردەمی قاجار.

6 - لە ساڵی 1902 ئاژاوەگێڕان لەسەر بنەمای سۆرشی مەشروتەخوازان و رێگاخۆشکردن بۆ ئیعدامی شێخ فەزلۆلا نوری.

7 – لە ساڵی 1907 ئیران دابەشکرا لە نێوان روسیە و بریتانیا لە سەردەمی قاجار.

8 – لە ساڵی 1912 داگیرکاری ئازەربایجانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە لایەن دەوڵەتی روسیە.

9 - لە ساڵی 1915 بەڕەسمیەتناسینی بەشێک لە عەرەبەکان بەتایبەت فەلەستین و جیاکرنەوەی لە دەسەڵاتی عوسمانی لەلایەن شاحوسێن و ماک موهان.

10 – لە ساڵی 1916 دەوڵەتی عوسمانی رووخا و دەسەڵاتی دەوڵەت - نەتەوە دروست بوو بە نێوی تورکیە.

11- ساڵی 1916 بڕیارنامەی سایکس و پیکو.

12-لە ساڵی 1917 بڕیارنامەی بالفور.

13– لە ساڵی 1919 داسەپاندنی بڕیارنامەی ئیمتیازی باکووری ئیران.

14– لە ساڵی 1920 رێگاخۆشکردن و پشتیوانی لە رەزاخان و پشتیوانیکردنی لەلایەن سەیدزیا ئەدین تەباتەبایی.

15 - لە ساڵی 1920 پەیماننامەی سوور.

16- لە ساڵی 1920 دروستکردنی دەوڵەتی ئیراق.

17- لە ساڵی 1923 بڕیارنامەی لۆزان.

18 - لە ساڵی 1937 بڕیارنامەی سەعدئاباد.

19- لە ساڵی 1953 رێگاخۆشکردن بۆ کۆدتای موسەدیق.

20 - لە ساڵی 1971 رۆڵگێڕانی سەرەکی بریتانیا بۆ جیاکردنەوەی ناوچەکانی گشتی بەحرین لە باکووری ئیران و جیابوونەوەی تەواویەتی خاکی بەحریب لە ئیران 2 – 1.

22 – لەساڵی 1975 بڕیارنامەی ئەلجەزایر.

23 – لە ساڵی 1979 گۆڕینی دەسەڵاتی پەهلەوی و پشتیوانیکردن لە ئایەتوڵا خومەینی.

24 – لە ساڵی 2003 رس
ووخانی عیراق بە پشتیوانی سیاسەتی نێودەوڵەتی.

لە بەشی کۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا کە پارچەپارچە کراوین لەژێر ناوی سیاسەتی ئیستعماری و بەکرێگیراوی بەشێک لە موچەخۆرانی موجتەهید و ئایەتوڵاکان و بەشێک لە شێخانی تەریقەت و ئاژاوەگێری لە ناو ئێمەدا بەنێوی بیروباوەڕ و لێکدابڕان بەهۆی بیروباوەر بەشێکە لە سیاسەتەکانی




ئیستعمار دەتوانم بلێم کە ئێستا لە سەدەی 21 دیسان خەریکی پیلانگێڕین دژ بە گەلی کورد بۆ نمونە دەتوانم بلێم لە دوای رووخانی ئیراق بەشێک لە خاکی کوردستان وەکو موسڵ و کەرکوک و خانقین و مەندەلی خەریکن داببرن لە ژێر ناوی مادەی 140 و بۆتە جێگای شوێنی ناکۆکی یان بە پێی ئەم نەخشەیە

لە دواڕۆژدا کاتێ ئیران بڕوخێت بۆ جارێکی دیکە لە بەشی رۆژهەڵات بیانەوێت لە روانگەی مەزهەبیەوە وەکو کێشەی سونی و شیعە و ئالۆزی دروست بکەن بۆ ئێمەی کورد بە پێویستی دەزانم کە بلێم چارەنووسی ئێمە وەکو کورد کێشەی بیرو باوەر نییە، ئێمە بووینەتە قوربانی ساتوسەودا و بەرژەوندیەکانی ئیستعماری و سیاسەتی دەوڵەت نەتەوە و بیروباوەر و نمونەیەکی هەرە بەرچاو هەرچەند کوردانی فەیلی وەکو کورد بوون دەچەوسێنەوە و ئەنفال دەکرێن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی بیروباوەڕەوە لەگەڵ لیستی شیعە لە هەڵبژاردن بەشداری دەکەن بەبێ ئەوەی نوێنەرێکی کوردی فەیلی تێدابێت. هیوادارم ئاستی رۆشنبیری برایانی شیعە لە رۆژهەڵات بگاتە رادەیەک کە نەکەونە داوی سیاسەتی نگریسی پیلانگێڕی و دابڕان.

سەرچاوە:

1. بخشی از تاریخ شیعە، احمد کسروی.
2. حقوق بگیران انگلیس، اسماعیل رابین.
3. توری ئینێترنێت.